# من بوومایە لەجیاتیی کاك فەلەکەدین کاکەیی وام دەگووت!

**هاوڕێ باخەوان**

2003-04-15

سەرلەئێوارەی 2003-04-15 کاتژمێر 8:15 بەکاتی ناوەڕاستی ئەورووپا لە کەناڵی ئەلجەزیرەی عەرەبە بەعسییەکانەوە, فەیسەڵ قاسمی بەعسی و شۆڤێنی لە بەرنامەی (ما وراء الاحداث)ەوە بە کاك فەلەکەدین کاکەیی گووت کە پێشمەرگەی کورد شارەکانی موسڵ و کەرکوکی تاڵان کردووە...

دیارە ئەم کەناڵە یەکەمجار و یەکەم کەناڵیش نییە کە پێشمەرگە و خەڵکی کورد بە دز و جەردە و تاڵانکەر پیشانی جەماوەری عەرەبی بدات و کاك فەلەکەدین کاکەییش یەکەم کورد نییە کە بەو شێوە زۆر نەرمانەیە وەڵامی ئەو کەناڵانە بداتەوە.

بەڵام من بوومایە لەجیاتیی کاك فەلەکەدین کاکەیی دەمگووت:

ئێوە کەناڵێکی بەعسی و شۆڤێنین و ڕێگا خۆشدەکەن بۆ جەنگی ئەهلیی نێوان کورد و عەرەب و کورد و تورکمان.

دەمگووت: ئێوە ئێستاش لەسەر پاشماوەکانی سەددامی تاوانبار و ئەنفالکاری کورد شین و یابە یابەتانە و هەر پێتان وایە کە سەددام سەرکردەیەکی مەزن و پارێزەری عروبە و ڕزگارکەری فەلەستینە.

دەمگووت: ئەو زانکۆ ئەکادیمیانەی کە باسی دەکەن و تاڵانکراون, هەر ئەوان بوون بڕوانامەی پرۆفیسۆرییان بە پلەی ئیمتیاز دایە تاوانبار عودەیی کوڕی تاوانبار سەددام حسێن لەسەر (پاشەڕۆژی نیشتمانی عەرەب لە سەدەی 21دا!).

دەمگووت: ئەو دام و دەزگایانەی کە تاڵانکراون زۆربەیان یارمەتیدەری ئەنفال و جەنگی کۆکوژیی کورد و تێکدانی باری دیمۆگرافیی هەردوو شاری میسڵ و کەرکوکی کوردستانن.

دەمگووت: تۆش لە هاوکار و هاوبیرت (د. مەروان بەشارە)ی تۆژەرەوەی ڕامیاریی! کەناڵی ئەبوزەبی باشتر نابیت کە زۆر بێشەرمانە چەند ڕۆژێك لەمەوبەر گووتی بەکارهێنانی چەکی کیمیاوی ناچێتە خانەی چەکی فرەکوژەوە. چونکە بەلای ئەوەوە ئەوەی لە هەڵەبجە و

شوێنەکانی تری کوردستاندا بەکارهێنرا دی دی تی بوو و ئەوانەشی کوژران مرۆ نەبوون بەڵکو مار و مێرووی زیانبەخش؟!..

دەمگووت ئێوە زۆر نادادپەروەرن لە بەرنامە و وەرگرتنی تەلەفونەکانتاندا, چونکە هەر کە زانیتان یەك لەوانە کوردە یەکسەر قسەکەی پێدەبڕن و دەڵێن ببوورن بەهۆی هەڵەیەکی هونەرییەوە پەیوەندییەکە پچڕا.

دەمگووت: ئێمە نەبووینەتە ئەسپەکەی تەروادە, بەڵکو هەزار و چوارسەد ساڵە بووینەتە دەستی ئێوە و ئێوەش بێبەزەییانە مارمان پێدەگرن و لەباتی چاکە, تا ئێستا دووجار ئەنفالتان کردووین.

دەمگووت: چیتان بەسەر دێت, ئاهی ئەو هەموو کارە دڕندانانەتانە کەبەسەرماندا هاتووە.

دەمگووت: نازناوی من کاکائی نییە و کاکەییە و ئەمەش وەك ناوی شار و شوێنەکانی تری کوردستان تەعریب مەکە.

دەمگووت: زۆری ترم پێدەگووت.....

پێم سەیرە خەڵکی بەسرە لەو هەموو نەهامەتی و بێ سەروبەرییەدا بەزۆر پەیامنێر و دەرهێنەر و کامێراوانەکانی کەناڵی بەعسیی ئەلجەزیرە بکەنە دەرەوە, لەسەر دیوارەکانیان بنووسن "بڕوخێ ئەلجەزیرە" و بابایەکی بێ پشتی وەك "عەلی شێخ عەلی" لە کەناڵی ئەلکوەیتەوە بتوانێت ئەو هەموو ڕەخنە و توانجانە بگرێتە ئەو کەناڵە بەعسییانە. کەچی ئێمەی کورد لەگەڵ ئەوەشدا لە خاکی خۆماندا و لەچاو شارەکانی باشووری ئێڕاقدا ئەو هەموو هێز و ئاساییشەمان هەیە؟! نەتوانین یان نەوێرین بەو کەناڵە بەعسی و بەعسییانە لە گوڵ کاڵتر بڵێین؟!......